# هه ڵویستی ئه مرۆی کورد ده بێ چۆن بێت

کورد له سه ده بیسته مدا وه ک زۆربه ی گه لان تێکۆشانی سیاسی وخه باتی چه کدارانه ی ده ست پێ کرد وریێکخراوه ی به شێوه ی حیزبی پێک هێنا وله ریێگا جۆراوجۆره کانی خه بات که ڵکی وه رگرت وله و ئال وگۆره ی که به هۆی شه ری یه که م و دووهه م جیهان پێک هات نه ته نیا نه یتوانی به مافه کانی خۆی بگات به ڵکوو به پێچه وانه ش بۆ هۆی لێک دابرانی کوردان وکورد له دوو پارچه بۆ به چۆارپارچه وغه درێکی گه وره له کورد کرا و بۆ هۆی به دیهێنانی تراژێدی هه ڵبجه،ئه نفال،کۆژرانی ٥٠٠٠ بارزانی وکاول کردنی کوردستان له عێراق وکوژرانی هه زاران که س وکاول کردنی کوردستان له تورکیا،که هۆی ئه نجامی ئه و کاره ساتانه له پێشدا ئه ستۆی بریتانیا ده گرێته وه که له به ر به رژه وه ندی ئیستیعماری خۆی کوردی به زۆر به و ولاتانی عره ب لکاند و به و جۆره ناکۆکی له نێوان ئه و دوو گه له پێک هات وئه و ناکۆکیه تا ئه لانیش به رده وامه و غه درێکی تر که له کورد کرا ئه وه بۆ که ویرای ئه وه ی که کوردیان بۆ هاوسه نگ کردنی شیعه وسوونه ی عێراق به عێراق لکاند به لام کوردیان هاویشته پراوێز وله پرۆسه ی دروست کردنی ئه وده ڵه ته ش کورد هیچ به شدارێکی نه بۆ وکوردیش که هه ستی به زۆلمێک که ده ر حه قی کرابوو کردبوو شۆرش ده ستی پێکرد وئه وشۆرشه خوێناویه ی کورد له ئه نجامدا له ساڵی ٩١ توانی ته واوی ناوچه کانی کوردستان رزگار بکات به لام رژیمی سه ددام به شالاوێکی درِندانه به گژ کوردان داچۆوه وکۆره وێکی مه لیۆنی ساز کرد وتراژێدی کوردان که له داوی چه ند تراژێدی

تر وه ک هه ڵبجه ،ئه نفال پێک هات سرنجی جیهانی کرڕوو بێ
ده نگ له ئاست ئه و هه موو زوڵمه که له سه ده ی ئازادی و
دیموکرسی ،مافی چاره نووسین کرا بۆ لای خۆی راکێشا و
سنووری پاراستنی ئاسمانی مه داری ٣٦ دره جه راگه یاند
و به و جۆره کورد توانی له ژێر ئه و هێلی پارستنه پارله مان
دابمزرینێ وکێشه که ی ببێته کێشه یه کی زه قی یاسایی
له ناو وتوویژ وکۆبونه وه کانی جیهانی ،
وله و کاته را کورد خه باتی دیپلۆماسی ده ست پێ کرد هه ڵبه ت
له پێشداش ئه و خه باته هه ر بووه به لام ئه و خه باته بایخی
دیکه ی هه بووه وئه ویش هه بوونی ده سه ڵاتی کوردی هه ر
چه ند ئه و ده سه ڵاته ره سمی وته نیا له چوارچێوه ی عێراقدا
باسی لێده کرا به ڵام ئه و ده سه ڵاته تا گۆرینی ده سه ڵاتی
عێراق وحه تتا تا ئه مرۆش وه ک ده سه ڵاتێکی سه ربه خۆ
وایه و له وتوویژ دگه ل ده وڵه ته کانی جیهاندا هه ریمی
کوردستان هه رێمێکی حقیقی وراسته قینه ی به خۆ گرتبوو
و ته نیا له به رنامه ی نه وت له به رامبه ری خۆراکدا، کوردستان
به شی تایبه تی خۆی هه بوو وله گۆمارۆی ئابۆریشدا که سازمانی
نه ته وه یه کگرتووکان به سه ر عێراقدا دای کوردستانی
نه ده گرته وه و وه ک ده وڵه تێک وابوو
له به شه کانی دیکه ی کوردستانیش خه بات به رده وام بووه
به لام تا ئه مرۆ نه یانتوانیوه به مافه کانیان بگه ن به لام
ئازاد بوونی کوردستانی عێراق کاریگه ری کردۆته سه ر ئه و
به شانه ی تری کوردستانیش وبێج گه له کۆنگره ی گه ل که
ئه لانیش خه باتی چه کداری ده کات هێزه کوردکانی تر

هه موو خه ریکی دیپلۆماسی و وتوویژن،وله ڕێگای دیموکراسی
دیانهه وی به مافه کانیان بگه ن وفیێدرالی بۆته خواستی کورد
له هه ر چوار پارچه و به شێوه یه کی روون رۆژانه دیخه نه
به ر باس وبۆ هێزه کانی تری ئه ولاته یان ده سه لاتدارانی
ئه ولاته روون دکریته وه وتوانیویتی ویستی کورد ئۆرگانیزه
بکات وهه لۆیستی کورد نیشان بدات وکورد له هه لۆیستی
جیاواز ودژ به یه ک دۆر خاته وه وله ویستی کورد یه ک
بخاته وه وئه وه ش له ته واوی هێزه ره نگاوره نگه کانی
کوردان دبێندرێت که هیوا به خشه وده توانیٚ له داهاتوودا
کورد به ده ستێکی پڕ له وتوویژ دا به شداری بکات ودژی
هه ر بۆچونێک بێت که دژی ئه وخواسته به حه قه کورد
بجولێنه وه وئه گه ر کورده کان ئه و هه لۆیسته یان نگۆرن
که ئیمکانی زۆر که مه چۆنکه دگه ل ماف وخواستی کورد
یه کتر دگرێته وه وئه وه ش به روونی دیاره وه ک هه لۆیستی
هێزه کوردکان له به رامبه ر به رێفراندۆم له ئێران که له ودا
باس له گۆرینی نیزام ئا یان نا کراوه وباس له مافی چاره نووس
گه لانی ئێران نکراوه ئه و هێزانه ره تیان کردۆته وه و
کورده کانی سوریاش خوازیاری فیێدرالین وکورده کانی تورکیاش
فیێدرالیان ده وی وئه وه سیاسه تێکی دروست وده توانن
پێداگری بکه ن له سه ر فیێدرالی
کورده کان به تایبه ت به شی سیاسه تمه داری وده سه لاتداری
کورد ده بیٚ ئه مرۆ به سیاسه تێکی واقیێع بینانه و دۆر له
سیاسه تێکی ئێحساسی کار بکه ن وسیاسه تێکی پراگماتیسم
که سیاسه تێکی کاتیه وگۆرانی دۆست ودوژمن بیٚ پێی

به رژه وه ندی کورد بکار بێنن تا بتوانن ئاینده یه کی
رووناک بۆ کورد،که کوردیش وه ک گه لانی تری جیهان به
ئاسوده یی گه شه به کۆمه ڵگای خۆی بدات و رۆلێکی له
سیاسه ت وبۆاره کانی تری جیهان دا هه بێت

تاهیر مسته فا

۲۰۰٥/٥/۲۷

mastafa60@yahoo.com